# " ئەلف/ یا" لە هەڵوەدایی فۆڕمەوە تا مەلوولی مەعنا



د. محەمەد ڕەحیمیان

---

ناسنامەی کتێب: «ئەلف/ یا »، ڕەزا عەلیپوور، چاپەمەنی مانگ، سنە ١٣٩٩.




ISBN: 97860050977992

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ ئەلف / یا

### ▪ لە هەڵوەدایی فۆڕمەوە تا مەلوولی مەعنا

✓ د. محەمەد ڕەحیمیان

**زۆرم کۆرەوەری دیتووە تا ڕاهاتووم چۆن "ئەلف" هەتا "یا" بە خنجەخەت بنووسم. ئەزبەنێ خەیاڵ مەفەرموون بێڕەنجە، لە جلەوگرتنی ئەسپێکی پەتپسێن چەتوونترە. کەوی کردنی " لام" و "کاف" لە کەوی کردنی تەیری سلۆک هاسانتر نینە. بە تەغار، شووڵ و تووڵی وەستای خەت و خوتووتم بەرکەوتووە. مەرکەبم پێ هەڵقوڕێنراوە و قەڵەمبڕ لە ژێر نینۆکم ڕۆکراوە و جەزرەبە دراوە. بێداد سەربهوردەی تاڵ و تاڵترم بە سەردا ڕابردووە؛ سەرما و سۆڵە و گەرما و گڕی زۆر شار و گوندانم چێشتوە. ئەمێستاکە لە سێبەر و پێچکی تەختی ئەم عەمارەتە ئاسوودەم (ل:٣٠).**

لێکۆڵینەوە لە هەندێ کۆنەلاپەڕەی دەسنووس و تۆژینەوە لە چەند کتێبی مێژوویی سەبارەت بە خۆشنووسێکی ناوبزری کورد، بوە بە هەوێنی ئافراندنی ڕۆمانێکی جیاواز[1] و هەلێکی نوێ لە بەستێنی ڕەوایی زمانی کوردیدا پێکهێناوە. هەلێک بۆ تاقیکاری لواویە

1 - هۆی بە جیاواز ناوبەردەکردنی ڕۆمانی مەبەست، لە دەوامی وتارەکەدا ڕوون ئەبێتەوە.



www.kurdishbookhouse.com

ئەزموونەنەکراو یان کەمتر ئەزموونکراوەکانی زمانی ڕەوایی و دەرکەوتنی بڕستی زمان بۆ گێڕانەوە و وەنواندنەوەی هەست و نەستی مرۆڤ لە شاراوەترین مەیل و بێمەیلییەکانییەوە بگرە تا کار و ئاکار و دەستەسووترین شت و مەکەکانی دەوروبەری.

لە غیابی دەقی ئارکائیکی کوردیدا کە گوزارشتێک بێت لە زمانی ژیانی کوردەواری بە بوارە جۆراوجۆرە ماکی و مەعنەوییەکانییەوە، هەم گرینگایەتی زمانی ڕەوایی ڕۆمانی **ئەلف/ یا** و هزری هونەری و ئافرێنەرانەی دەرئەکەوێت و هەم کەلێن و کەمایەسییەکانی کتێبخانەی زمانی کوردی خۆی دەرئەخات.

ئەگەر بێتوو ئەم بیرۆکەیەی "هیومبێڵت" بسەلمێنین کە «ئێمە مرۆڤین نەک بەو هۆیە کە زمانمان هەیە[2] بەڵکوو بەو هۆیە کە خودی زمانین»، بۆمان مسۆگەر دەبێت کە مرۆڤ لە زماندایە کە جیهان و خودی خۆی ئەدۆزێتەوە و لە خۆی و جیهانی دەوور و بەری تێئەگات. بەم پێیە ئێمەی کورد. دابڕانێکی مەعریفیمان لە گەڵ ڕابردووی خۆماندا هەیە و سەبارەت بە زمان لە قەیران و قەڵشتێکی مێژوویی-دا دەژین. گەلێک پرسیار لەم قەڵشتانەوە سەرهەڵئەدەن کە وڵام

2 - ئاماژەیە بە وتە بەناوبانگەکەی ئەرەستوو کە ئەڵێت:"مرۆڤ ئاژەڵێکی ناتیقە"، ناتیق بەرانبەری لۆگۆسی یوونانییە کە هەم بە واتای هزرە و هەم بە واتای زمانە.



www.kurdishbookhouse.com

دانەوەیان ئەستەمە. ئەوەی کە ئەگەر لە هەزار ساڵی ڕابردوودا بلوایە و بکرایە لە بوارگەلێک وەک مێژوونووسین، وەرگێڕان، ڕەخنە و بووتیقانڤیسی، ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی، سەفەرنامە، ژیاننامە و گەلێک بابەتی تر، بەرهەمی کوردی پێکهاتبایە، ئاخۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی لە چ ئاستێکدا دەبوو و ئێستا چ بەرهەمگەلێکمان بە دەستەوە بوو؟ ڕەوتی ئاڵ و گۆڕی زمانی کوردی بە چ بگارێکدا دەچوو؟ داخۆ جۆری زمانی دەربار و دەسەڵاتی کوردی و میر و مونشی و پاکار و بازاڕ و خەڵکی خاوەن پیشە و شێوەی ئاخاوتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان بە چ لەونێک بووبێت؟ دیارە خوسبە خواردن و تەمیان بۆ ئەوەی کە نەبوە و نەکراوە و ڕابردوە و ڕۆیشتوە، هیچ بەهرەیێکی لێ ناکەوێتەوە بەڵام کە دەبینین بە هۆی ئەم بۆشاییە زمانیەوە، پێشینەی زۆربەی ژانرکان لە بواری ئەدەبی کوردی و بە تایبەت لە بواری جۆرەکانی پەخشاندا، پێشینەیەکی تۆخ و تۆکمە نییە. هزرێکی ئافرێنەر و قەڵەمێکی ڕەسەنمان پێویستە کە ئەم کەلێنە، بە گێز و گومانەوە پڕکاتەوە؛ ئەوەش بە شێوەیەک کە لە گەڵ مێژووی زمان و مەنتقی ئاڵ و گۆڕی زمانیدا یەکانگیر بێت. دیارە لێرەدا تۆژینەوە و تێرامان و موکاشفە[3]ی زمانی پێویستە تا ئەو زمانە کارامەیە بە شێوەی پێویست دابەزێتە گۆڕەپانی یاریەکەوە.

3- Meditation


www.kurdishbookhouse.com

ئەو یارییە بنەڕەتییە کە لە ڕۆمانی ئەلف/یا دا هاتیەسە کایەوە ئەوەیە کە واقیعێکی مێژوویی بە ئاڵ و گۆڕێکی جەوهەری و جوانیناسانەوە کراوە بە واقیعێکی ڕەوایی و داستانی. تروسکە یادێک لە "ئامێد"ی ناوێکی خۆشنووس و تۆزقاڵە بەڵگەیەک لە سەربهوردەی کەسێکی نەناس، لە ڕەفەی گەردگرتووی مێژووەوە گوێزراوەتە بەستێنێکی ڕەوایی و ڕۆمانێکی ڕاست و ڕێکی لێ خوڵقاوە کە بە دارشتێکی داستانییەوە گوتار و جیهانێکی نوێی هێناوەتە پاوانی زمانی ڕەوایی کوردییەوە. پاوانێک کە لە سەر سنووری "گومان"دا دامەزراوە. گومانێکی بوونناسانە لە ڕاستی یان ناڕاستی ئەوەی کە ڕووئەدات و ئەوترێت. گومانێک کە گەلێک پرسیاری فەلسەفی و هەروەها ڕەوایەتناسانەی لێ ئەکەوێتەوە. ئەو گومانەی کە خەسڵەتێکی تەکنیکی ئەگرێتە خۆوە و وەک کەرستەی هەڵپەساردەیی و تەعلیق لە فۆڕمی ڕۆمانەکەدا ئەتوێتەوە و دڕدۆنگییەکی جوانیناسانە و چێژێکی فەلسەفی لێ ئەکەوێتەوە.

ئەم گومان و بوولێڵەی نێوان واقیع و ناواقیعە لە بەربەرەکانی نێوان بابەتی داستانی و بابەتی مێژووییەوە پێکهاتوە. دەقە مێژووییەکە وەک ئەمری واقیع لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕووداوەکە بە پێی بەڵگە تۆمارکراوەکان بگێڕێتەوە؛ لایەنە ڕەواییەکەش وەک ئیمکان و وێچوونێک، مەیلەو داستانسازی و گێڕانەوەی خۆی بە مەنتقی حەقایەتەوەیە. لێرەوە گومانێکی فەلسەفی سەر هەڵئەدات و ڕۆمانەکە لە سەر سنوورێکی سەییال لە نێوان حەقیقەت و خەیاڵدا ئەکەوێتە گەڕ و بە بازبازێنە لە مەودای ئەمری واقیع و ناواقیع،

www.kurdishbookhouse.com

بەڵگەمەندی و خەیاڵ و داکیۆمێندارەتی و ئافرێنەریدا، ڕیتمێکی تایبەت درووس دەکات کە جەوهەری ڕەوایی دەقەکە ئەخاتە گەمەی سەقامگیری و تێکچوون، مسۆگەری و نکۆڵی لێکردن. بڕوا و بێ-بڕوایی، متمانە و بێمتمانەیی، درکاندن و شاردنەوە، دوودڵی لە هەڤیازی و هەڵبژاردنی مێژوو و حەقایەت و ... ئەم گومانە جەوهەرییە بە شێوەیەکی تەکنیکاڵ لە فۆڕمی ڕۆمانەکە و لە داڕشتی گشتی و تەنانەت بیر و بڕوا و ئاکاری کەسایەتییە مێژوویی و خەیاڵییەکانیشدا ئەسرووشێتەوە: **گوتم، نەمگوت/ وتی، نەیگوت، گوتم، وام نەگوت/ نووسیم، نەمنووسی/ نووسیم، پاکم-کردەوە/دەڵێی وەسمەی کێشابوو/ نەیکێشابوو/** گومان لە ڕەسەنایەتی فۆرم و ناوەڕۆک لە خۆشنووسی/ گومان لە حەق-بەدەستەو بوونی ئامێدی یان داوود/ گومان لە ڕاستبێژی مێژوو یان حەقایەت،/ گۆرینی پەیتا پەیتای گۆشەنیگا و وەگێڕەکان/ بەرهەنگاریی[4]ەکانی یووسف و ...

ئەلف/یا، پتر لەوەی کە لە پۆلی ڕۆمانێکی مێژوویی‌دا بگونجێت، بەرهەمی گوتارێکی ڕەخنەیی و هونەری و حاندی وێککەوتنی مێژوو و حەقایەتە (حەقایەت بە مانا ئەرەستووییەکەی کە لە بەراورد لە گەڵ مێژوودا، بابەتێک ئەگێڕێتەوە کە ڕووی نەداوە بەڵام ئیمکانی ڕوودانی هەیە. بابەتی مێژوویی ڕووی داوە و دابووردوە بەڵام

4 - تداعی (بەشێک لە بیرەوەرییەکانی یووسف بە پێی بەرهەنگاری و وەبیرەنانەوەیە)

حەقایەت ڕووی نەداوە و بە هەر جار گێڕانەوەیەک لە سەرڕا ڕوو ئەداتەوە). حاندێک بۆ ڕکەبەرایەتی ئەم دوو گوتارە کە بە پێی ئیمکان و سامانی تایبەتی خۆیان، هەرکامەیان خۆی بە هەڵگری حەقیقەت ئەزانێت و ئەوی دیکە ڕەفز ئەکاتەوە.

لە لای "ئەرەستوو"، حەقایەت[5] لە بەراورد لە گەڵ مێژوو[6]دا، فەلسەفی‌ترە: «**دیارە ئەرکی بەیت‌بێژ[7] (حەقایەت‌وێژ) گێڕانەوەی**

---

5 - Poetry : شیعر کە بە پێی گوتاری ئەرەستوو و مانای سەرەکی لە یۆنانی کەونینەدا، بە ئەو حەقایەتانە کوتراوە کە بە زمانێکی کێش‌دار و ئاهەنگین لە سێ ژانردا گێردراونەتەوە. نێوی کتێبی بووتیقای ئەرەستوو بە Aristotle's Poetics و صناعته الشعر و فن شعر، وەرگێردراوە کە لە گەڵ پێناسەی ئەم سەردەمەی شیعر یەکانگیر نییە. چونکوو مەبەستی ئەرەستوو بووتیقای ئەو حەقایەت و سەربهووردانە بووە کە حەقایەت‌بێژەکان و شانۆنووسەکان بە وەزن و ئاهەنگ گێڕاویانەتەوە و بە سێ پاژ دابەشی کردوون: ترگودیا(تراژێدی)، کومودیا(کومیدی) و ئیپوپوئیا(حەماسەت). (بڕوانە: ارسطو، ۱۳۸۸، درباره هنر شعر، ترجمه سهیل محسن افنان، تهران، حکمت)

6 - History

7 - Poet: پێگەی فەرهەنگی و شێوازی کاری حەقایەت‌خوان و شانۆنووسی یوونانی کەونینە کە ئەرەستوو لە کتێبی بووتیقادا باسیان دەکات وەک پێگە و دەوری بەیت‌بێژەکان بوە لە کوردەواری‌دا. بۆ باشتر پێکانی مەبەستی وتارەکە بە جێی وشەی شاعیر بەیت‌بیژم داناوە. "شیعر" دەقاودەق ئەو بابەتە ناگرێتەوە کە ئێستاکانێ لە زمانی کوردی‌دا مەبەستمانە. لە یوونانی کەونینەدا Poetry بە واتای پێکهێنان و سازکردنی بابەت و دەقێکی شاعیرانەیە کە بە وتەی "ئەرەستوو"، هەڵس

www.kurdishbookhouse.com

**بابەتە کردەکی و وەدی هاتوەکان نییە بەڵکوو گێڕانەوەی ئەو بابەتە هێزەکیانەیە کە ئەلوێ ڕووبداتن. واتە بە پێی گاهەزی یان پێویست ئەکرێ بێنە دی. جیاوازی مێژوونووس و بەیتبێژ لە پەیڤینی کێش-دار و ئاهەنگیندا نینە بوڵکوو جیاوازییان لەوە دایە کە یەکیان سەبارەت بە ئەمری واقێع و ئەوەی کە ڕووی داوە ئەدوێ و ئەوی تریان سەبارەت بە بابەتێک ئەپەیڤێ کە ئەکریا ڕوودات و ڕووی نەداوە. بۆیە بەیت (حەقایەت/شیعر) لە مێژوو فەلسەفی ترە و ئامانجێکی بنەوەشی‌تر ئەپێکێت. بەیت لە بابەتە گشتییەکان ئەدوێ و مێژوو لە بابەتە تاکەکسییەکان. بەیتوێژ ژ بابەتگەلیک دێتە ئاخاوتن کە وێدەچێ ڕوو بدەن و سەبەهوردی کەسێکی ڕاستەقینە و تایبەت ناگێڕێتەوە.**(ئەرەستوو، ١٣٨٨، ٩٦). بە پێی لێکدانەوەی ئەرەستوو و بە زمانی فەلسەفی، ئەو ڕەوایەتەی کە حەقایەت - و لە باسەکەی ئێمەدا ڕۆمان- ئەیگێڕێتەوە، بابەتێکی گشتییە کە هەموو مرۆڤێک بە پێێ مرۆڤ بوون ئەگرێتەوە و لە کەسێکی تایبەت و دیاریکراودا کورت نابێتەوە، بۆیە کێشە و پرابلماتیکەکانی، کێشەی مرۆڤایەتییە نەوەکوو کێشەی کاتەکی کەسێکی تایبەت. ڕووداوەکانیش کاتی ڕوودانیان بە پێچەوانەی مێژوو، بە کات و

---

و کەوت و ئاکار و ڕاهات و خوو و خدەی مرۆڤ ئەگێڕیتەوە کە زۆرتر بابەتە ڕەوایی و تراژیکەکانی یوونانی مەبەستە.لاسایی‌کردنەوە(مەحاکات/**Imitation**) و گێڕانەوە (وەنواندنەوە/**Representation**) سەرەکی‌ترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ژانرەیە.

www.kurdishbookhouse.com

ساتێکی دیاریکراووە نابەسترێتەوە. هەر بەم هۆیەوەیە کە لە ڕۆمان-دا مەجالێکی تەکنیکی درووس دەبێت کە ڕووداوەکان بە بێ ئەوەی کە قەتیسی زەمەنی تەقویمی بن، بە گۆشەنیگا و کات و ساتی جۆراوجۆری زەمەنیەوە ئەگێڕدرێنەوە. ئەگەر بە کورتی و بە زمانی فەلسەفەی مۆدێرن بابەتەکە لێکدەینەوە، مێژوو بە شێوەیەکی ئۆبژکتیڤ دەگێڕدرێتەوە و حەقایەت گێڕانەوەیەکی سوبژێکتیڤە. ئەرەستوو بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، کە شیعر (حەقایەت)ی بە بابەتێکی سەرۆکی و ئیلهامی لە قەڵەم ئەدات؛ و بە بێ ئەوەی کە باسی سوبژکتیڤیتە بکات کە لە سەردەمی وی دا باسێکی باو نەبوە، حەقایەت، بە ئاکامی ئافرێنەرایەتی نووسەر و بە بابەتێکی ئیبداعی دەزانێت. ئەو هەوێنە مێژووییە کە لە ئەلف/یا دا بوە بە هەوێنی پێکهاتنی ڕۆمانەکە، سنووری ئەمری واقێعی تێپەڕاندوە و بوە بە حەقیقەتێکی هونەری و هەڵگری ڕاڤە و شرۆڤەی جۆراوجۆر. ڕەوایەتێکی داینامیک لە گۆڕەپانی ئیمکانەکان‌دا کە ئەکرێ بە دەیان شێوەی تر بگێردرێتەوە. دەقێک سەر بە وێچوەکان و لواویەکان.

بە بەراورد کردنی "داوود ئامێدی" وەک کەسایەتییەکی نیوە مێژویی و نیوە داستانی، لە گەڵ "میرزا ڕەزای کەلهوڕ" وەک کەسایەتییەکی مێژوویی، جیاوازی سیمای ڕەوایی و ڕاڤەمەندی ئەم دوو کەسایەتییە دەرئەکەوێت. ژیانی تاکەکەسی میرزا ڕەزای کەلهوڕ وەک گەورەخۆشنووسێکی کورد و خاوەن شێواز و قوتابخانەی تایبەت لە موڵکی خۆشنووسی‌دا، وەک ئەمری واقێع کۆتایی پێ هاتوە و هیچ لایەنێکی جوانی‌ناسانەی تێدا نییە. ئەوەی لێی بە جێ ماوە خۆشنووسی و هونەرەکەیەتی نەکوو کەسایەتییەکەی. پێوەندییەکی

www.kurdishbookhouse.com

جەوهەریش لە نێوان ژیانی تاکەکەسی و بەهرە هونەریەکەیدا بەدی ناکرێت و سەبارەت بە ژیانی زەینی و ڕۆحی و ویست و مەیل و مەراقەکانی، هیچ باس و بەڵگەیەک لە گۆڕێدا نییە؛ بەڵام کە دێینە سەر باسی داوودی ئامێدی، ئەبینین کە لە ئاستی خۆشنووسێکی ناوبزری داکیۆمێنتار داترازاوە و مێژوو و مەعریفە و مەراقەکانی بە هونەرەکەیەوە تێکەڵاوە. خۆشنووسێک بە شوناسی کوردی و بە هەڵویستێکی فەلسەفی و هونەری لە پێناو فۆرم و مانا و جیهاندا. ئەگەر لە لای ئەرەستوو حەقایەت بە بۆنەی هەمەکی[8] و ئەگەرەکی بوون، هەڤیازی بە سەر مێژوودا هەیە و بە فەلسەفیتر لە قەڵەم ئەدرێت، ڕۆمان وەک بەرهەمێکی هونەری نەک هەر لە باری فەلسەفی و دەلالەت کردن بە چەمکە گشتییەکان لە مێژوو تۆختره، بەڵکوو لە ڕوانگەی "ئادۆرنۆ"وە لە فەلسەفەش سەرترە. ئادۆرنۆ بە داکۆکی لە سەر تەکووزمەندی و فۆڕمی بەرهەمە هونەرییەکان و ئەوەی کە فۆڕم هۆکاری جیاوازی سەرەکی و مەودا گرتنی ئاسەوارە هونەرییەکان لە جیهانی واقیعە، پێی وایە کە " دەشێت فەلسەفە لە هونەر فێری فۆڕم بێت".

ئەو هێمانەی کە سەربەهووردی داوود ئامێدی لە ڕەوایەتێکی بەڵگەمەند و ئاسایی و مێژووییەوە دەکاتە بەرهەمێکی هونەری و مەودایەکی ڕخنەیی و جوانیناسانەی لە نێوان جیهانی ڕۆمان و جیهانی واقیعدا ساز ئەکات، فۆڕمی ڕەوایی ئەلف/یایە. فۆڕمێک کە بوون و مەعنا بە ژیانێکی هونەری ئەبەخشێت و لە قوڵاییە

8- Generality

www.kurdishbookhouse.com

تاریکەکانی مێژوو و ناونیشانە نادیارەکانییەوە، کەسایەتییەکی بەهرەمەند و ئارکیتیپاڵ[9] و سەرنموونەیی بۆ زەوق و هونەری کوردەواری ئەنەخشێنێ.

**زۆربەی خانەقاکانی چین پێیان وابوو هەموو شتێک بۆ نووسین نابێت و ناشێت. یەکیان دوازدە پیاو و دوازدە ژنی خۆشزاکیرەی لە منداڵییەوە بۆ خزمەتگوزاری کوڕەکەی دانابوو ...**

ڕۆمانی ئەلف/یا لە قەوارەی شەش پاژی ڕەوایی پێکهاتوە کە هەر پاژێک بە کورتە حەقایەتێکەوە دەس پێدەکات. ئەم کورتە حەقایەتانە بە داڕشت و زمان و گوتارێکی کۆنی ڕەواییەوە، کولاژ[10] کراونەتە پێکهاتەی ڕۆمانێکەوە کە لە پانتای ئەدەبی ڕەوایی‌دا گوتارێکی مۆدێرنە و هەمەلایەنە لە حەقایەت جیاوازە. کارکردی کولاژ لە شێوەکاری کوبیسم‌دا تێکەڵ کردنی شت و مەک و بابەتە ئۆبژکتیڤەکانە بە فەزایەکی دیفۆڕمەکراوی سوبژکتیڤ کە تێکەڵاوێکە لە چەندین گۆشەنیگای چەندلایەنی؛ بەڵام ڕۆمانی ئەلف/یا، حەقایەتەکانی وەک لەتەیەکی سوبژکتیڤ، بۆ بەداستانی کردنی بابەتێکی مێژوویی و مەوداگرتن لە ئەمری واقیع بە کار هێناوە و

9- **Archetypal**

10 - **Collage** دەستەواژەیەکی شێوەکارییە کە ژۆرژ براک و پابلۆ پیکاسۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەم دایانهێناوە و لە شێوەکاری کوبیستی‌دا باوە. لەم شێوازەدا لەت و کوتی شت و مەک ئەلکێنن بە تابلۆی شێوەکاریەکەوە.

www.kurdishbookhouse.com

کردوونی بە بەشێک لە فۆڕمی گشتی خۆی و چەندین ئەرکی ڕەوایی پێ دابین کردوە: وەک سەردێڕی لاوەکی بۆ هەر پاژێک لە پاژەکان/ مەودایەک بۆ وچاندانی خوێنەر و گۆڕینی ڕیتمی زمانی و ڕاوێژی ڕەوایی/ کەشسازی و بەردەبازەیەک بۆ تێپەڕین لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە.

ئەم حەقایەتانە وەک پەراوێزێک هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە چەشنی ڕەوایی و دەنگ و تایبەتمەندی زمانی خۆیان ڕاگرتوە، لە گەڵ ڕەوت و فۆڕم و ناوەڕۆکی دەقی سەرەکی، هاوتەریبی و پێوەندییان هەیە. ئەم هاوتەریبی دەق و پەراوێزە لایەنێکی ڕازانەوە و زەوقیشی پێوە دیارە هەر وەک چۆن لە خۆشنووسیدا پەراوێزی لاپەڕەکان تەزهیب ئەکرێت، حەقایەتەکان وەک حاشیەکێشی و نیگارگەریەکی ڕەوایی، بوەتە هۆی چەشنێک لە جوانیناسی زمانی لە گێڕانەوەدا.

حەقایەتی هەوەڵ لە پاژی یەکەمدا باسی بقەی یادەوەری و گێڕانەوە دەکات. یادەوەریەک کە یووسف و ئامێدی هەر یەک بە شێوازێک سڵی لێ دەکەن؛ کەچی گێڕانەوە واتە نووسین لە تەقدیر و چارەنووسیاندایە. تەقدیرێک کە بە گوللەی نەناسێک "زەفەر بە شان و سینگ و دڵی ئامێدی دەبات". یووسف، ئامێدی دەنووسێتەوە و بە جۆرێکیش نهێنییەکانی ژیانی خۆی ئەدرکێنێ. ئامێدی دەکوژرێت. یووسف لە کۆتاییدا لە توێی گێڕانەوەی ئامێدیدا بزر دەبێت. گۆیا یووسف بە گێڕانەوەی ئامێدی فەرامۆش دەکرێت و ئامێدی بەم فەرامۆشییە دەگاتە تەشقی هەرمان. بەم چەشنە دوو کارکردی دژوازی گێڕانەوە دێتە دی. واتە ڕەوایەت هەم هۆی مانەوە و ڕەهابوون لە گێچەڵی مەرگە و هەم هۆیەکە بۆ مردن. جەمسەرێکە

www.kurdishbookhouse.com

لە دۆخە دژوازەکان. خەسڵەتێک کە لە هەر دەقێکدا بە جۆرێک ڕەنگ ئەداتەوە. لە چیرۆکی "هەزار و یەک شەو"دا، گێڕانەوە و ڕەوایەت هۆی ڕزگاری لە مەرگە و لە ئەلف/یادا هۆی مەرگە. ئەزبەر کردنی چرکەکانی ژیانی "خاقانزادە"، دەبێتە هۆی لە ناوچوون. لافزە و زاکیرەی ئامێدی سەری بە با ئەدات و یووسف، بە وتنەوەی "خۆی" و "داوود ئامێدی" کۆتایی پێ دێ.

پاژی دووهەم بە حاقایەتێکی مینیاتۆرییەوە دەس پێدەکات کە زمانە ڕەواییەکەی لە کتێبە ئایینییەکان دەچێت و ئامۆژگارییەکی گشتی لە تۆی بەشارەتێکدا ڕادەگەیەنێ: **لە ڕۆژی حەوتەمدا، چل باڵندەی ئەفسانەیی بە سەر هەزارودوو وڵاتدا، هەزار و دوو ڕەنگی جودایان بەشییەوە ... کورد کوتوویە: ڕێگەی دوور بە ئاواز دەبڕێتەوە نەک بە پێڵاو** (ل: ٣٥). ئەم حەقایەتە کلوزاپێکە لە ڕەنگ و ئاواز وەک هێما سەرەکییەکانی فۆڕم کە لە خۆشنووسیدا بابەتی سەرەکییە و تاسە و ئارەزووی ئامێدییە و گرێ ئەدرێتە پاژی سێهەم کە سەربهووردی نیگارکێشێکی تاتاری ئەگێڕێتەوە کە هەر لەتێک لە سیمای گشتی گراویلەکەی لە تابلۆیەکدا ئەنەخشێنێ. هەر بەو شێوەیە کە ئامێدی ئازای ئەنامی "بسمێ" بە پیتەکان ئەشوبهێنێ و یووسف ئەوداڵی دۆزینەوەی خاڵە. هەر ئەو خەت و خاڵەی کە بڤەیە و لە حەقایەتی پاژی چوارەمدا، خەتیان بە سەردا دەکێشرێ و هێڵێکی سووریان لێ ئەتەنرێتەوە. حەقایەتی پاژی پێنجە بە شێوەی مینیماڵ و بە زمانێکی تەوساویەوە چیرۆکی ئەو موریدە دەگێڕێتەوە کە هەڵوەدای ئیرادەتی شێخە و وەبەر فیشەکی دابڕان دەکەوێ. ئەو فیشکەی کە بێ‌هەدا بە شوێن ئامێدییەوەیە و بەرەبەیانێک لە کۆڵانی

گەڕەکی جوەکان لە غیابی بسمێ و لە حاڵی دابڕان لە خەت و نووسین، ئەیپێکێت. ئەو ئەوین و نووسینەی کە وەک پڕۆگرامی رادیۆیی "پیاوە چریکەکە"ی پاژی شەشم بێئاکام و هیچە؛ ئەو پیاوەی کە نەدار و بێ دەستە و دەسەڵات، تووڕ ئەدرێتە کەشێکی ناهمێیی و لە تەمێکی نێهیێلیستیدا ئەتەمێتەوە.

**چەند کتێبێکم مابوو ئیجازەی مەلایەتی وەربگرم، تووشی نەهامەتی هاتم. تا دەهات ئەوەی زەینی دەبردم، نەک کتێبەکە و ماناکەی، خەت و چەشنی نووسینەکەی بوو. وا دەبوو پەڕەیەکم دەخوێندەوە بێ ئەوەی زەینم لە سەر ناواخنی مەعنای بووبێت. پەڕەی سپی نەما بوو نەینووسم؛ کەنارەی کتێبانیش. دەمنووسی و دەمنووسییەوە ... بە پەنجەم 'ئەلف'م دەنووسی و 'بێ'ی درێژم دەکێشا و "سین" و "شین"م دادەتاشی، "قاف"م لوول دەکرد و "میم" و "نون"م با دەدا ... ئۆقرەم لێ هەڵگیرا بوو. کوتیان هەوایەکە لە کەللەی داوی، دەردەچێت. دەرنەدەچوو ... (ل: ٣٠). ساڵانێکە بیرم لێ نەکردووە لە نێوان شێوە و ئەدگاری پیت و مانا و ڕۆحی پیت کامی سەرترە. دەمزانی شێوە لە بەرترە و ڕواڵەتی و ئینجاکانێ مەعنا. ئەلحان دەفەرموون جوێ جوێ نەبن. دایمە کوتوومە یان دەبێ شێوە ئەزبەر بکەم یان مانا. تا ئەم ڕۆژەش عەبداڵی ڕوخسارم و یەکڕا پێم دەڵێن کاتیب بم (ل:٣٢).**

www.kurdishbookhouse.com

دووانەی فۆڕم و مەعنا و لاسەنگی لایەنێک بە سەر ئەوەی تردا، یەکێک لە پرسیارە گرینگەکانی فەلسەفەی هونەر بووە و هەوڵ دراوە بە پێی پەیوەندییەکی دیالکتیکی هاوسەنگییەکی جوانیناسانە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕێک بخرێت. لە پارادایمێکی مەعناسەنتەردا کە فۆڕم وەک کەرستەیەک بۆ ئاراستە کردنی مانا لە قەڵەم ئەدرێت؛ بیچم دەچێتە پەراوێزێک کە لە دوخت و دیمەن ئەکەوێت و لە خەسڵەتی جوانیناسانە و تەنانەت لایەنە مەعنابەخشەکانیشی بێوەری دەکرێت. خۆشنووسی یەکێک لەو هونەرانەیە کە بە شێوەیەکی نەریتی لە جەوهەری فۆڕمیکی خۆی دابڕاوە و بووەتە ڕازێنەری ماناوە. واتە لەو قەوارە جوانیناسانە کە فۆڕم و هارمونی پیتەکان بە بیچمی هۆنەری خۆیان ئەکرێ پێکی بێنن و هاوتەریب بن لە گەڵ چەمکی ماناناسانەی ڕستەکان، لە ئاستی پێوەندییەکی دیالکتیکییەوە دائەبەزنە ڕووبەرێکی جوانکاری. ئەم چەمکە ڕەخنەیی و فەلسەفییە کە لە بەرانبەر دەسداکێشی و زاڵیەتی ئەفلاتوونی مەعنا بە سەر فۆڕمدا، بە مەعریفەیەکی ئەرەستوویی11 پارێزاری لە بوون و بایەخی فۆڕم دەکات، لە ڕۆمانی ئەلف/یا دا بە شێوەیەکی ڕەوایی و بە زمانێکی داستانییەوە داڕێژراوە و بوە بە دارشتێک لە ناواخن و ڕەوەندی بابەتەکە.

ئامێدی لە ناکاو وەک بڵێی پەریان زەفەریان پێبردبێت، گیرۆدەی خەت و چەشنی نووسینەکەی ئەبێت و کتێب و ماناکەی توور ئەدات.

---

11 - بۆ ئاگاداری لە ڕوانگەی ئەرەستوو سەبارەت بە فۆرم بڕوانە: قوام صفری، مهدی، (١٣٩٨)، نظریه صورت در فلسفه ارسطو، تهران: حکمت

بە جاڕزی مەلایەتی و خزمەت بە مانا قەبەکان وەلا دەنێت و شەیدای زراڤی بەژنی پیتەکان دەبێت. بە نەفەسێکی ڕەخنەئامێز و بە جەسارەتێکی عاشقانەوە، لە ماناتەوەری دائەبڕێت و هەڵوەدای ڕوخساری خەت ئەبێت. ئازایانە خۆی لە تەوژم و تەنگەژەی مەعنا ڕزگار دەکات و پێ دەنێتە پاوانی بەرینی فۆڕمەوە؛ پێوەندی یەک-لایەنی و نادیالکتیکی فۆڕم و مانا هەڵئەوەشێت و بە ئیجازێکی داستانییەوە ئەگووشرێتە نێو ئەم ڕستەوە: **"یان دەبێ شێوە ئەزبەر بکەم یان مانا".** ڕاڤەیەک کە شێوە و مانا وەک دوو چەمکی سەربەخۆ شرۆڤە ئەکات و ڕەنگی تۆخی مەعنا ئەبزرکێنێ.

فۆڕمەعەشقنی ئامێدی لە شەیدایی بە خەت و خولیایی بە خاڵی گراوەکەی، لە تۆی پەخشانێکی بزوێنەردا دەرئەکەوێت. لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، شێوەی نووسین و قەڵافەتی پیتەکان بە بەژن و قەواڕەی بسمێ ئەشوبهێندرێ و وێنە و ئیماژە داستانییەکان ئەگورێت و فۆڕمی خۆشنووسی لە قەوارەی زمان و تەوسیفێکی هێزمەندی ڕەواییدا ئەمەیسێ: « **ئەگەر دەڕوا بەژنی دەڵێی "ئەلف"ی هەر شەش دانە خەتەکەی "ئیبنی موقلەی" شیرازییە. پانییەی دەڵێی کەوانچەی "لام"ی کووفیە. ئەو پرچانەی "واو" و "یا"ی توغرای موتەیەرە. پەراسووی دەڵێی ڕیزە "ڕی"ی سولس و تەعلیقییە** (ل: ٦٨). **چ بنووسم لەو هەموو خەت و خاڵەی تێک-هالایە لە گەڵ کەزیەی وەک مەشقی ڕەشی هێندییە. بەژنت بڵێند لە "ئەلف"ەوە تا "یا". سینگت ... دەڵێی دوو "نوون"ی خڕی تەعلیقە**»(ل: ٦٩). کاسۆتەیی ئامێدی خۆشنووس لە پێناو فۆڕمدا، دەگاتە تەشقێک کە بە پێی تایبەتمەندییەکانی پێنجینەی خۆشنووسی،

www.kurdishbookhouse.com

گیان ئەخاتە بەر پیتەکان و دەیانکات بە سەرچاوەی بوون و مەعنا:
**«خەتی کووفی بە عەباوەیە[12] زێدە جلک و بەرگی تێوە ئالاوە، دەیەوێ پیرۆز بنوێنێت. حەزی لە شکۆیە ... سوڵس نێرە، وەکی گەنجێکی بەلەسە وایە؛ خۆی دەخەملێنێت ... نەستەعلیق فەڕی جوانیی بە سەر فەخری شکۆدا دەدات ...خۆشنووسی کەم بڕست و خاکەڕایە هەناسەی توند دەبێت و لە چەند قۆناغ زیاتر ناڕوا. بۆیە دەگوترێ "سەفا" و "شەئن" کۆتاییە»**(ل:١٠٤).

دەس بردن بۆ بڤەکان بەشێکە لە خەسڵەت و کەسایەتی ئامێدی. لە دانپێنان و گێڕانەوەی دەسدرێژی مەلاگوپسووری کانەکۆنەوە بگرە تا نووسینی سکاڵانامەی بێ تەحمیدیە و توغرا و تەزهیبات لە سەر ستەمی والی و وەزیر و گزیری و تا لادان لە نەریتی زاڵیەتی مەعنا بە سەر فۆڕم لە هونەری خۆشنووسیدا و تا سنوورشکێنی لە دابی مورید مورادپەروەری و تا شەتح[13] وێژی.

بە پێی ئەوەی کە خۆشنووسی هونەرێکی ئایینییە[14] و لە داوێن نەریتێکی عیرفانیدا پەروەردە کراوە، بە داب و دەسووری سۆفیانەوە

---

**12** - یا ایهاالمدثر قم فانذر

**13** – بە مانای کەف و کوڵ کردنی زەریا و لە زاراوەناسی عیرفانیدا بەو قسانە دەکوترێ کە کەسی عارف یان سۆفی لە کاتی جەزبە و حاڵ لێ-هاتندا بە زمانیدا دێت و لە شەریعەتەوە بە دوورە. ئەم وتانە لە گەڵ شەرعدا یەکناگرن و بە کفر لە قەڵەم ئەدرێن.

**14** – مۆسیقا هونەری ئایینی یەهوودە. شێوەکاری هونەری ئایینی مەسیح و خۆشنووسی هونەری ئایینی ئیسلامە.

www.kurdishbookhouse.com

تێکەڵاوە و بە بابەتێکی پیرۆز لە قەڵەم ئەدرێت؛ ناشێت ئامێدی ئەوەندە دڵبەندی قەوارە و ڕواڵەت بێت، ئەو دەبێت کاتیب بێت و نابێت. دەبێت تەحمیدیە بنووسێت و ناینووسێت. دەبێت خزمەی بە مانا قەبە و قووڵەکان بکات و نایکات. ئەو شرۆڤە عیرفانییە کە خەت بە پەیژەیەک دەزانێ بۆ گەیشتن بە خودا و دەروازەیەک بۆ ئیدراکی حەقیقەت، لە لای ئامێدی دەبێتە ئامیانی شەتحوێژی و بە جێی خوێندنی ئیبنولعەجەم، ڕایەڵە و دەرخ بەم شەتحانەوە دەکات: **«خەتخۆشی ڕێیەک نییە بۆ لای خودا، دەروازەیەک نییە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی عالەم، ڕێیەکە بۆ لادان و مل بادان لەوەی ڕۆبچیتە ناخ و هەناوان. ... من لە خەتاتییەوە گەیشتمە زات و ناخی ڕست و وشە. لە ناخەوە هاتمە دەر تا ڕووبەر، تا ڕواڵەت. ئیمانم بە بنج و بناوان نەماوە. ... هەر بنووسە "یا ڕەب" و "ئەی عەشق"، ئیدی نەختە نەختە هیچی لێ نامێنێتەوە. زیکریش سیامەشقە. ... زانیم هیچ نییە پارێزگاریم لێ بکا؛ لە من و هەرچی بێگیان و کزە. ئەم جیهانە بە منیشەوە هەڵەیەکە لە سەر هەڵە دامەزراوە »...(ل:٦٠).**
تێکڕای ئەم بابەتانە بێجگە لەوەی کە لە ڕووی گێڕانەوە و زمانییەوە تازەگەری تێدایە و گوتار و زاراوەی مەعریفە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی و عیرفانی و هونەری بە دارشتێکی داستانیەوە داڕێژراوەتەوە؛ لە ڕووی فۆرم و کەشسازی و ساز کردنی بارودۆخی داستانی و پێکهێنانی ڕەوایەتێکی مۆنۆلۆگتەوەر ( تاکوێژیەکانی ئامێدی و یووسف) کە نەفەسی زیندووی ئاخێوەر لە لایان خوێنەرەوە هەستی پێبکرێت، بەرهەمی تێگەیشتن لە خەسڵەتەکانی زمان و


www.kurdishbookhouse.com

تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوە و لواویەکانی زمانی ڕەوایی و داستانی بۆ داهێنان و بە داستانی کردنی مەعریفە و مێژوو و هەبوونی کوردە.

کەسایەتی سازکردن و بە پێی ئەوەش درووس کردنی جیهانێکی داستانی و هونەری، بە مەودایەکی ئینتقادی و ڕەخنەیی لە پێناو جیهانی واقیع، گرینگترین دانستەی هونەری گێڕانەوەیە کە لەم ڕۆمانەدا بە دی هاتوە و یەکانگیرە لە گەڵ ڕوانگە و پێناسەی قوتابخانەی فرانکفۆرت[15] سەبارەت بە ئەدەبیات و هونەر.

بۆ ئامێدی هێچشتێک لە جیهاندا بوونی نییە فۆڕم نەبێت، ئەو فۆڕمەش بە هۆی تەوشی و نالەباری کە لە خوازەی "ناقەرینەگی"دا دەرئەبڕدرێ، ئەکەوێتە بەر ڕەخنەیەکی جوانیناسانە و بە بەراوردی قەوارەی عالەم و خۆشنووسی، پێکهاتەی جیهان دەدرێتە بەر تەوس و تەشەر: «**ئەم عالەمە پێکهاتووی جووتێک[16] نیواونیوە؛ نیوەی یەکەمی "ئەلف"، وەلامە بۆ نیوەی دووەمی. نیوەی دووەمی "ب"**

---

15 - بڕوانە: آدورنو و هورکهایمر، دیالکتیک روشنگری، (۱۳۸۴)، ترجمە مراد فرهادپور، امید مهرگان، تهران: گام نو هەر وەها بڕوانە:
Adorno, Theodor, W, *Aesthetic Theory*, trans. Robert Hullot- Kentor, London:Athlone

Collinson, Diane, "Ethics and Aeasthetics are One" in British Journal of Aesthetics, 25:3, summer pp, 266-272, 1985

16 – انا خلقناکم ذکرا و انثی.



www.kurdishbookhouse.com

**بۆ نیوەی یەکەم. گەرچی هاوکێش نین، وەک چۆن سەلکی "ح" وەک بنی نییە. جیهان وایە، هاوقەرینە نینە»**(ل: ١٠٤).

نیگارکێشێکی تاتاری سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕواتە وڵاتی عەجەمان. دەست دەداتە نیگارکێشی و هەردەم بە ئەنقەست، ڕەسمی پەنجە، وردە لووچێکی ژێر مل، هێلێکی کەپۆ، ... بریسکەیەکی نێو چاوان یان شکڵی تاڵە قژێکی گراویلەکەی خۆی دەهاوێتە وێنەکەوە ... لە دڵدا بڕیاری دا یەکەیەکەی شکڵی دڵبەرەکەی لەو وێنانەی وا لە عەجەمانی کێشاون دەربهاوێژێت، پێکیانەوە بنێت و نیگارێکی لێ بکێشێتەوە.

پێکهاتەی ڕەوایی و شێوەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەلف/یا دا لەت لەت و پاژ پاژە. هەر پاژێک بە شێوە و ڕاوێژی جیاواز و سەربەخۆ، بەشێک ئەگێڕێتەوە. حەقایەتەکان، چیرۆکەکانی یووسف، چیرۆک و یادەوەرییەکانی داوود و ئامێدی، دەنگی ژانرە جیاجیاکانی شێوە ڕەواییەکان وەک بەیت، حەقایەت، بیرەوەری، سەربەهورد و داستان کە لە کۆتاییدا هەموویان پێکەوە دەنووسن و دەبنە ڕۆمانێک؛ هەر وەک چۆن نیگارکێشە تاتارییەکە هەر پاژێک لە سیما و ئەندامی گراوەکەی لە وێنەیەکدا ئەنەخشێنێ و هەر لەتێک لە جوانی مەحبووبەکەی ئەهاوێتە تابلۆیەک.

www.kurdishbookhouse.com

سەرچەشنێکی تر بۆ شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، مووناده‌کانی "لایپنیتزە"[17]، لایپنیتز لە مەعریفەناسی و ئیپیستمەی جیهان، گشتایەتی عالەم بە سەر مووناده‌کان(وەک ساکارترین بنەما و جەوهەر)دا دابەش دەکات. هەر مووناده‌یێک وەک دەلاقەیەکی سەر بەخۆ دیمەنێکی جیاواز لە جیهان ئەنوێنێ بەڵام لەتە دیمەنەکان کە یەک بگرن دەبنە دیمەنێکی گشتی لە عالەم. لە ڕوانگەی لایپنیتزدا کۆی جیهان لە مووناده‌کان پێکهاتووە. هەر مووناده‌یێک سەرەڕای ئەوەی کە پاژێکی سەربەخۆیە و جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، بە بێ جێگیر بوون لە گشتایەتی عالەم، جێگا و جیهانێکی نییە هەر وا کە بە بێ مووناده‌کانیش، عالەمێک بوونی نییە. ئەگەر هەریەک لە پاژەکانی ئەلف/یا بە تەنیا بخوێنرێنەوە، خۆیان لە خۆیاندا ڕەوایەتێکن و بارودۆخێک ئەگێڕنەوە بەڵام بە بێ جێگیربوون لە قەوارەی گشتی ڕۆمانەکەدا، ناتەواون و کەڵک و کارئامەییەکیان نییە. هەر وەک ڕۆمانەکەش بە بێ ئەم پاژانە بوونی نییە. کە وایە دەبێ بڵێین فۆڕمی ڕەوایی ڕۆمانی ئەلف/یا مووناد چنراوە کە لە دوو هێڵی ڕەوایی هەنازە و هاوشان دەگێردرێتەوە.

هەر مووناده‌یێک لەتیکە لە کۆبەرێک. هەر پاژێکی ڕەوایی کوتێکە لە ڕەوایەتێکی گشتی. پێوەندی و سەرجەم بوونی ئەم لەت و کۆیە و

17 - Monads، (جواهر بسیط)، بڕوانە: کاپلستون، فردریک چارلز. (١٣٨٨)، تاریخ فلسفه، ترجمه غلام رضا اعوانی، جلد چهارم، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی



www.kurdishbookhouse.com

ئەم شێوازە ڕەواییە لە گەڵ گشتایەتی ڕۆمانەکە هاوتەریبە کە ئاوەز و عاتیفەی کەسایەتییەکانی، تاسەباری فۆڕمن.

ئامیدی بردبێتییە ماڵە خۆی و فێری چەند تەرزە خەتی دیکەی کردبێت. داوود زیاتر حەزی لە کاکڵ بووبێت تا توێژڵ. کلکەی "واو"ی ڕاکێشابێت و کردبێتی بە زوڵفی کوڕێک یان کچێک، لە "نون" جووتێک مەمکۆڵانی نەخشاندبێت ... بە دەنگێکی دەشتەکی حەیرانێکی هەڵکردبێت و کچە حەیرانی بە ناسکەتر گوتبێت ... وێنەکێشانەوەی لە خۆشنووسی باشتر بووبێت. هێندێ سەربهووردەی نووسیبێت و هێندێ تەئریخی لێک گرێدابێت.

ئەلف/یا حاندێکە بۆ تاقیکاری دیالکتیکی نێوان بابەتە دوو فاقییەکان: دووانەی دەق و خوێنەر/ فۆڕم و ناوەڕۆک/ حەقایەت و مێژوو/ داستان و پەرداستان/ ژانرە جۆراوجۆرەکانی ڕەوایەتی کوردی: حەقایەت، بەیت، چیرۆک و داستان/ خۆشنووسی و شێوەکاری و ئەدەبی داستانی/ زاراوەکانی زمانی کوردی و ئەدەبی سەرزارەکی و نووسراوە/ داوود و ئامیدی/ یووسف و داوود ئامیدی و... هەریەک لەم لایەنانە سەرەڕای ڕاگرتنی تایبەتمەندی و چەشنی ژانری خۆیان، تا ڕادەی پێویست، لە گەڵ ڕەوت و ڕاوێژی گشتی ڕۆمانەکە ڕێک کەوتوون و بە گشتی بەرهەمێکیان خوڵقاندوە کە مورگی کوردی پێوەیە. مۆرگێک کە بوە بە خەسڵەتی فۆڕمال و ناوەڕۆکیش کە لە کاتی خوێندنەوە یان وەرگێڕاندا گەلێک ئاگاداری سەبارەت بە خوو

www.kurdishbookhouse.com

و خدەی زمانی ڕەوایی کوردی و هێما کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردی پێویستە تا چێژی زمانی و لایەنە جوانیناسانەکانی ڕۆمانەکە بە وەردەکاریەکانییەوە دەرکەوێت.

بابەتی نووسین و دیاردەیەک بە ناوی "دەق"، وەک کاراکتێرێکی سەرەکی لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەور ئەگێڕێت؛ واتە تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە نەکوو ڕووداوەکان یان کەسایەتییەکان، بەڵکوو خودی دەقەکەیە. بەرهەم هاتنی دەقێک سەبارەت بە دەق، سەبارەت بە هونەر و خۆشنووسی و بەدەقکردنی ئایین و دابی خۆشنووسی و خۆنووسینەوە. دەقێک بە ناوی "زەبووری ئامێدی" کە بە نەهێنییەنێوی ئەلف/یا[18] وە خۆی ئەناسێنێ و هەوڵ ئەدات وەک ئامێدی و جیهان و هونەر ڕەمزاوی بێت. "زەبووری داوودی" دەبێت بە زەبووری ئامێدی و بە جێی "مەزامیر" و سەرۆ و ئیلهامە غەناییەکان، باسی خۆشنووسی دەکات. "داوود" دەبێتە لەتێک و ڕوومەتێکی ڕەمزاوی لە ئامێدی و بەرهەڵستکاری و هاوکات سەرۆبەخشی هونەر و حافزە و لافزەیشی.

بنەما و سەرچاوەی پێکهاتنی دەقەکە بە پێی دوو وشەی بوون- ناسانە[19]ی "هەیە" و "بوە"، لایەنێکی فەلسەفی بە خۆوە گرتوە و پێناسەیەکە لە حەقیقەتی بابەتەکە: **«لە سەر مێزەکەی بەردەمی ڕۆژنامەیەک هەڵدەگرێت: " لە وردەشت گەڕێ، ئەوە بنووسە کە هەیە." /- ئەوەم نووسیوە کە بوە./ ئەو حەفتەنامەیە کە وتاری**

18 – ئەلف: ئاماژە بە نێوی ئامێدی، یا: ئاماژە بە نێوی یووسف،

19- **Ontology**

**"زەبووری ئامێدی"** چاپ کردوە: **"ئەوەی کە لە گرێبەستەکەدا داوا کراوە."»(ل:١٧٠)** وشەی "هەیە" ئاماژەیە بە بەڵگە مێژووییەکان کە بە ویستی دەسەڵات و ڕاڤە و زەینی نوسەرەکان نووسراون و لەوەش ناچێ هیچ حەقیقەتێک وەک خۆی پیشان بدەن.[20] وشەی "بوە"، ئاماژەیە بە ئەو حەقیقەتە داستانییە کە یووسف ساغی دەکاتەوە. لە هەمەرەمزێی نێوان یووسف و دوکتۆردا، لە گەڵ دوو حەقیقەتدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. یەکەمیان ئەو حەقیقەتە سفارشکراوە کە بە پێی گرێبەست دەنووسرێت: **"ئەوەی کە لە گرێبەستەکەدا داوا کراوە."** دووهەمیان حەقیقەتی لولدراو و شاراوە: "بە لوول کراوی تەکانی دەدا: **«نەک ئەمە!»"**. جا حەقیقەت **"ئەوە"** بێ یان **"ئەمە"**، سەرچاوەکەی دەقە و لە دەرەوەی دەق بوونی نییە. لەم بەشە لە ڕۆمانەکەدا، لە مێزی چەلێهانە و چناکەدان لە سەر حەقیقەت، بنەکۆکی سولیپسیزم[21]ە حەسرەتاوی و نێهیێلیسمە ئەدەبی و ڕۆمانتیکەکەی 'داوود ئامێدی' خۆی ئەنوێنێ: **«جیهان بریتییە لە چەندین پیت کە لێکیان داببڕێنی بێمانا دەبن ... خۆت لە ناختدا**

---

20 – بە مەرجێک کە حەقیقەتێک لە دەرەوەی زەین و دەقەکاندا بوونی هەبێت.

21 – Solipsism خۆ بە تەنیا دیتنەوە لە جیهاندا. پاش سوبژکتیفیتەی کانتی، مرۆڤ تووشی ئەو هەستە بوو کە هیچ مانا و حەقیقەتێک لە دەووەی زەینی خۆی بوونی نییە و لە هەر چەشنە مەعنایەکی دەرەکی دابڕاوە.

www.kurdishbookhouse.com

**جێیەک دروست دەکەیت بە ناوی "خودا" ... ئەم جیهانە بە منیشەوە هەڵەیەکە لە سەر هەڵە دامەزراوە ...»(ل:٦٠).**

هەر دەقێک لە پێناو خوێنەردا دوو لایەنی بکەر و بەرکاری هەیە کە یەکەمیان لە چالاکی و شوێندانانی دەق لە سەر خوێنەر و ئەوەیتریان لە بووژانەوەی دەق بە پێی ڕاڤەی خوێنەر، خۆی ئەنوێنێ. ئەم ڕێسایە وەک قاعیدەیەکی گشتی لە دیاردە و پێوەندییەکانا بوونی هەیە. ئەگەر بە شرۆڤەیەکی "ویتگینیشتاین"[22]ییەوە جیهان و هەبوونی عالەم و پێوەندییەکانی لە ئاوێنەی زماندا ببینینەوە. واتە ئەو تئوریە کە هاووێنەییەک لە نێوان زمان و جیهاندا دەبینێتەوە، بسەلمێنین، "زەید" و "عەمر" لە ڕێزماندا هێمای دووجەمسەری بکەری و بەرکارین(**ضَربَ زیدُ عمراً**) کە لە ئەلف/یا دا، بە شێوەیەکی داستانی و ڕەوایی و بە راوێژێکی تەوساوییەوە، نوێنراوە: «**یا شێخ ئەمنی بۆ ڕایەڵە و دەرخکردن هەناردە حەساری مزگەوتێ. ملم لە دەورکردنەوە نا ... گوتی ڕاوەستە باسی زەید و عەمرت بۆ بڵێم ڕۆڵە؛ ئەمانە ناون عەلەمن. دانراون بۆ کەسێک، چۆن دانراون وا دەمێننەوە، تا دنیا بوە زەیدێک و عەمرێک بووە**»(ل:٤٠). ئەم کلوزاپە ڕەواییە، سەرەڕای ئەوەی کە تەوس و تەشەرێکە بۆ پێوەندییە نارەوا و تاکلایەنە و نادیالکتیکەکان، ئاماژەیەکیشە بۆ چەشنی

---

22 - بڕوانە: ویتگنشتاین، لودویگ، (١٣٩٣)، *رسالە منطقی ـ فلسفی*، ترجمە و شرح سروش دباغ، تهران: هرمس،

www.kurdishbookhouse.com

پێوەندی خوێنەر و دەق. ئەلف/یا کە بە هەڵپەساردەیی و گومانەوە باسی بابەتەکان ئەکات و پێوەندییە دووفاقییەکان ئەچنێتە هۆنەی گشتی ڕەوایەتەکەوە، بە جۆرێک خوێنەر ئەخاتە ڕاڕەڵە و سەرسامی ئەکات. پاش ڕوون بوونەوەی بابەتەکە و وەخۆهاتنەوەی خوێنەر، پێوەندییەکە ئەگۆڕدرێت و خوێنەر لە بارودۆخێکی بەرکاری و ئینفعالییەوە هەڵئەکشێتە کەشێکی کرۆک و چالاکانە دەکەوێتە دانووستاندن و ڕاڤە و لێکدانەوە. دووبینەی زەید / عەمر، لە یەکینەی داوود / ئامێدیدا، ئەنوێندرێت و لایەنی ئامێدی و لایەنی داوودی، خۆشنووسەکە بەردەوام لە وت و وێژدان و ژیانی تاکەکەسیان بە هەڵویست و کردار و پەرچەکردارەکانیان بە ڕێوە ئەبەن. بە پێی زاڵیەتی هەرکامە لەم لایەنانە، ئاکار و کرداری کەسەکان دیاری دەکرێت.

دووانەی هزری داوودی و ئامێدی کە پێویستەی بەدی هاتنی ئاوەزی جوانیناسییە، وەک بەستێنی دەروونی داهێنان و هونەر، دەنووسرێن و عالەمێکی ڕەوایی پێک دێنن. عالەمێک کە لە دەقێکی کوردیدا وێنا ئەکرێت و خەسڵەتەکانی هونەر و درۆشمی فۆڕم ئەگێڕێتەوە.

لە دێرەکاندا هێشتان زرینگەی زیو کوتان و چروکەی چۆرت دەبیسرێت. ئەمن دەستم لۆر و خوار دەبێت و تۆ وەک ئەمنت نووسیوە. وەک میرمونشیش. سەرسامم بۆچی لە سولس و نەسخ

www.kurdishbookhouse.com

وازدێنیت و بە تێکەڵەی تەعلیقی و سیاقی، نامە بۆ شاهەنشا دەنووسی کە ئەمیان بابەتی حیسابە؟

بە ئاوڕێکی خێرا و گشتی ئەم چەن خاڵەی ژێرەوە لە ڕۆمانی ئەلف/یادا بە دی دەکرێت:

١- دۆزینەوە و گێڕانەوەی شوناسی کوردی لە مێژووی هونەردا.

٢- زایەڵەی دەنگێکی نوێ بۆ ئاوڕدانەوە لە پەخشان و ڕاوێژی کوردی.

٣- بەهونەری کردنی دەنگە بزرەکان و بە دەس‌دانەوەی چەشنێک لە چەشنەکانی ڕاوێژی مێژوونووسی و بیرەوەری.

٤- تۆژینەوەی مێژووی خەت و تەکنیکەکانی و هەروەها بە ئەدەبی و بەلاغی‌کردنی ئەم بابەتە.

٥- بە ڕەوایەت کردنی ئەرشیف بە ئەرشیف کردنی کەلەپووری کوردەواری.

٦- هاوتەریبی ئاڵوگۆڕی ئاوز و هزری کەسایەتییەکان بە پێی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕی بارودۆخی جیهان و ژیان واتە پیشان دانی سەیروورەت و بوونێکی ئێگزیستانسیالیستی.

بە وتەی "میلان کۆندرا"، هەر ڕۆمانێک لە سەر پێشهاتە و هۆرکەوتێک دادەمەزرێ کە پێی دەڵێ " هۆرکەوتەی داستانساز".

www.kurdishbookhouse.com

ئەلف/یا لە سەر کورتە سەربهوردێک یان بەڵگەیەکی مێژوویی دامەزراوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێک لێکۆڵینەوەی پێویست بوە. ئەگەر بێتوو بەم پێیە ئەم ڕۆمانە لە تاقمی رۆمانی توێژەرانە لە قەلەم دەین کە لە باسی "ئامێدی" و تەکنیکەکان و یاسا و ڕێسای خۆشنووسیدا پشت قایمە بە توێژینەوەی ئارشیڤی، ئەکرێ بڵێین کە تەشقی تازەگەری و داهێنانی رۆمانەکە لە ئەو دارِشت و زمانەدایە کە چەشنی بابەتەکەی بە جۆرێک گۆڕیوە و رەنگی داستانی پێ داوە کە شۆنەمایەک لە بەڵگەدارەتی و ئارشیڤی پێوە دیار نییە؛ بێجگە لە بەشە کۆتاییەکاندا کە بە گونجاندنی چەند پەراوێز (ل: ١٤٦/ ١٤٨)؛ وەک کولاژێکی زەق، ڕیتمی رەوایی ڕۆمانەکە تا ڕادەیەک دائەبەزێتە ئاستی بابەتێکی مێژوویی و درزێک لە ڕەوتی رەوایی بەرهەمەکە و زمانە توکمەکەیدا دەرئەکەوێت. جێی ئەوە بوو کە ئەم پەراوێزانەش وەک بەشەکانی تر بە شێوەیەکی داهێنەرانە، بۆ بەڵگە وەک پاژی کۆتایی ڕۆمانەکە، لە ڕەوەندی گێڕانەوە و چوارچێوە داستانییەکەیدا بتوێندرایەتەوە.

ڕووداوەکان لە ئەلف/یادا بە وچانەوە پێک دێن و بە ڕیتمێکی پشووداەوە دەگێڕدرێنەوە؛ بە وچان و هێور هێور ئەفسوونی زمان و حەقایەت، زەین و ئاوەزی خوێنەر دادەگرێت و بە گومان و شەیداییەوە لە گەڵ خۆی ڕایدەکێشێت. "سیمون دووبوار" کوتوویە: **«شگڤین و سەرسووڕبوون سەرەتای گێڕانەوەیە. لەو ساتەوەختەیدا کە بڕوامان بە ڕاستەقینەیی ئەمری واقێع نەما، گێڕانەوە دەس پێ دەکات».**



www.kurdishbookhouse.com

تۆ هیچ نازانی لە جوانی ئەم عالەمە ئامێدی! جوانی لە حرووفدا نییە، لە پیتەکاندا نییە ئامێدی! لە جەوهەردا نییە، لە خەت و خاڵ-دایە. لە بەتاڵاییدایە، لە بێجەوهەریدایە و تۆ ئامێدی، تۆ لە بنەوە بە هەڵەت ڕۆیشتوویت.

### سەرچاوەکان:

ارسطو، درباره هنر شعر، ترجمه سهیل محسن افنان، تهران: حکمت، ١٣٨٨

سارا بیکول، در کافه اگزیستانسیالیستی، ترجمه هوشمند دهقان، تهران: پیام امروز، ١٣٩٥

عەلیپوور، ڕەزا، ئەلف/یا، کرج: مانگ، ١٣٩٩

کوندرا، میلان، هنر رمان، ترجمه پرویز همایونپور، تهران: قطره ١٣٨٢

■ ببنە ئەندامی ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com